# جان دەمۆو من

ئازاد ئەحمەد ئەسوەد



جان دەمۆو ئازاد ئەحمەد ئەسوەد، کەرکوك، 1994/6/1. وێنەگر: شەمسەدین کاکەیی

-1-

لە 8ی ئایاری 2003دا، نزیکەی مانگێك پاش رووخانی بتەکەی سەدام، جان دەمۆ لە فلاتەکەی خۆیدا لە شاری سیدنی، ئۆستراليا، بە مردوویی دۆزرایەوە. کەس نەیزانی جان لە کەیەوە مردووە. مردنی جان دەمۆ شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو. ئەو پیاوێکی ئەلکەهۆلیك بوو، ئێواران

تا نیوەشەوی لە بارەکاندا بەسەر ئەبرد، تەنانەت بەیانیان زوو، پێش بەرچایی کردن، عارەقی ئەخواردەوە. ژیانی بۆهیمییەت و بۆ جان جوانترین شیعر بوو.

ناوبانگی ژیانە بۆهیمیەکەی و، ناوە سەمەرەکەی کە لە ناوێکی بیانی ئەچوو، پێش شیعرەکانی ئەکەون. جان، وەك خۆی بۆی گێڕامەوە؛ لە بەغدا، پاش نیوەڕوانی تا پاش نیوەشەو لە باڕ بەسەر ئەبرد، بێگومان لەسەر حیسابی هاوڕێ نووسەرەکانی. پاش داخستنی بارەکان، ئەچوو لە ناو باخچەکانی ئەبونەواس دا، لەسەر سەکۆیەکی درێژ لە کەناری دیجلەدا ڕائەکشا، بەڵام لە سەرما خەوی لێ نەکەوت، چاوەڕێی ئەکرد ڕۆژ ببێتەوە تا خۆر هەڵبێ و گەرمی بکاتەوە. دەمەو بەیانیانی هەر لە شوێن خۆی لە ئەبوو نەواس بە تەرجەمەی شیعر بەسەر ئەبرد. شیعرێکی زۆری لە ئینگلیزییەوە تەرجەمە کردە عەرەبی، لەوانە شیعری تێد هیووز و ئۆکتاڤیۆ پاث و تی ئێس ئێلیەت و چارڵز سیمیك و هەندێ شیعری فرەنسی، بێگومان لە ئینگلیزییەوە، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوی ئەکردنەوەو پاداشتی مادیی پێ وەرئەگرت و لە خواردنەوەی خۆی و شاعیرە بۆهیمییەکانی هاوڕێی خەرجی ئەکرد.

جان هەمیشە گاڵتەی بەو شاعیرە فەرمییانە ئەکرد لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا بە قات و قرەوێتەوە لەڕیزی پێشەوە دائەنیشتن، بەتایبەتی شاعیرانی دەسەڵات، و شیعری تەقلیدییان ئەخوێندەوە. کە سەرخۆش ئەبوو ڕیسوای ئەکردن، بێ ئەوەی گوێ بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و حیزبییان بدا. جارێکیان دەست بەسەر سامی مەهدی (شاعیری بەعسی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی جمهوری) دا ئەهێنێ و پێی ئەڵێ؛ باوەڕ ناکەم لەم سەرە کەچەڵەوە شیعری جوان بێتە دەرێ!.. بەڵام سامی خۆشی ئەویست و  یارمەتیی مادییشی ئەدا؛ لە ڕۆژنامەی جمهوری دا وەك وەرگێڕ تەعینی کردو، ناسنامەیەکی ڕۆژنامەنووسانیشی بۆ دەرکرد.

جان لەسەرەتای حەفتاکاندا، پاش ئەوەی زۆرێك لە هاوڕێکانی، "گرووپی کەرکوك"، روویان لە ئەورووپاو ئەمێرکا کردبوو، ئەویش رووی لە بەیرووت کرد. بەڵام جانێك کە بە درێژایی ژیانی کاری نەکردبوو، لە بەیرووتیش بێکار، بێ پارە ئەسووڕایەوە. لوبنانییەکی دەوڵەمەندی نەناسراو، لەگەڵ جان ڕێککەوتبوو ژەمە خواردنی بۆ دابین بکات بەرامبەر بە شیعر؛ هەر جارێك هاوڕێ لوبنانیەی داوەتی ئەکرد بۆ چێشتخانە، جان شیعرێکی بۆ ئەنووسییەوە. بەم جۆرە کابرای لوبنانی شیعرێکی زۆری جانی کۆکردەوە، بەڵام پاش ئەوەی جان دەستبەسەر ئەکرێ و ڕەوانەی بەغداد ئەکرێتەوە پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕێ لوبنانییەکەدا نامێنێ و، ئەو شیعرانەش کەس نازانێ چییان بەسەر دێ.

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ئەگەڕێتەوە کەرکوك بەڵام تیایدا هەڵناکاو ڕوو لە بەغدا ئەکات. ماوەیەك لە گەڕەکی حەیدەرخانە لەسەر شەقامی ڕەشید نزیك چایخانەی پەرلەمان کە هەمیشە جمەی ئەهات لە ئەدیبە ناسراوەکانی عێراق، (وەکو خۆی ئەیووت) ژووریکی حەقیرێ لە خانوویەکی کۆن بە کرێ گرتبوو کە چەن خێزانێکی تیا ئەژیا، هاوڕێ ئەدیبەکانی بەغدا و هەندێ ئەفسەری ئەدەبدۆست کرێی ژوورەکەیان بۆ ئەداو جلوبەرگیان بۆ ئەکڕی. ئەیووت کە

جاری وا هەبوو پێنج شەش جووت پێڵاوی هەبوو، جان بەسەر هاوڕێکانی خۆیدا دابەشی ئەکردن. جان ساڵانی هەشتای بەو جۆرە بەسەر بردو، لە سەربازی هەڵئەهات و ئەگیراو، دیسان هەڵئەهاتەوە. بەم جۆرە تەنانەت ڕۆژێکیشی سەربازی نەکرد. ساڵی 1993یش کاتێ خوشکەکانی هێنایانەوە کەرکوك، پۆشتەو پەرداخ بوبوو، کە کراس و فانیلەو گۆرەویی زیاد لە پێویستی خۆی ئەبوو بەسەر ئێمەدا (ڕەعد موتەشەرو عەزیم فینجان و قاسم ئاق باپڕاق و من ) دابەشی ئەکرد، ئێمەش بێگومان لێمان وەرنەئەگرت.

ئەلکهۆل بەڕادەیەك تەوەزەلی کردبوو دەستی نەئەچوە نووسین و خوێندنەوە. هەر کتێبێکی بەدەستەوە گرتبا چەند پەرەگرافێکی لێ ئەخوێندەوەو ئەیخستە لاوە. هەندێ جار من ئەو بابەتانەم بۆ ئەخوێندەوە کە لەسەر خۆی ئەنووسران و لە ڕۆژنامە عێراقییەکاندا بڵاو ئەکرانەوە، کە سەرجەمیان بابەتی نوکتە ئامێز بوون. جان پێکەنینێکی قووڵ و بێدەنگی بۆ ئەکردو دەستی بە جنێودان ئەکرد، جنێوی سەیرو نەبیستراو، لە وێنەی: مرحاض ابن المرحاض، (ئاودەستی کوڕی ئاودەست). جان تەنانەت لە میدیا فەرمییەکانیشدا سڵی لە جنێودان نەئەکردەوە. لە دیمانەیەکدا ئەڵێ: ڕامبۆ پێڵاوی بۆدلێرە! جان ڕاستگۆو توند بوو. فازڵ عەزاوی لە دیمانەیەکدا ئەڵێ: ساڵانی حەفتا لەگەڵ جان و چەند هاوڕێیەکدا سەردانی ماڵی جەلیل قەیسیمان کرد، جەلیل پاشگەزبوونەوەی خۆی لە نووسینەکانی دەربڕی و پێی وابوو خاڵین لە هەموو بەهایەك. جان هەڵیدایەو وتی: بزانە دواجار دانت پیا نا، من هەمیشە پێم ئەووتی کە نووسەرێکی فاشیلی و نووسینەکانت هیچ بەهایەکیان نییە باوەڕت پێ نەئەکردم! بەڵام جەلیل تووڕە بوو و تاکە پێڵاوێکی بۆ جان هەڵدا... جارێکیان لەگەڵ جان و نەوزادی برام لەسەر داوای خۆی بۆ ماڵی جەلیل قەیسی چووین، جان چەند کتێبێکی لە کتێبخانەکەی جەلیل دەرهێناو ویستی بیانبات بەڵام جەلیل ڕێگەی نەدا، دواتر پێی وتین کە دڵنیا بوو ئەیانفەوتێنێ. جەلیل هەر لە سەردەمی هەرزەکارییانەوە شارەزای ئەو خووەی جان بوبوو، کە کتێبی ئەبردو نەیئەگەڕاندەوە.. قەشە یوسف سەعید ئەیووت جان ئەهات بۆ کەنیسە بۆ لام (کەنیسەی سریانی ئەرسۆدۆکس لە ساحەی عوممال-کەرکوك) کتێبی بۆ خوێندنەوە ئەبردو نەیئەگەڕاندەوە، بەڵکو ئەیفرۆشت! کتێبی ئینگلیزیی لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەمێرکی لە کەرکوك ئەدزی و ئەیفرۆشتن!

بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە کەرکوك بوو (کەمتر لە ساڵێك) تەنیا دوو شیعری کورتی بێ ناونیشانی نووسی، کە یەکێکیان بەم دێڕە دەست پێ ئەکات (لا حاجة بعد للهيروغليفيات)، ئەوی تریشیان چوار دێڕە. لە کاغەزێکی A4دا بە خەتێکی جوان نووسیبووی، داوام لێ کرد بۆ ئەوەی نەفەوتێ چەند دانەیەکی لێ فۆتۆکۆپی بکەین. پێکەوە چەندین دووکانی فۆتۆکۆپیمان کرد، کە ئەیانخوێندەوەو لێی تێ نەئەگەیشتن، نەیانئەوێرا فۆتۆکۆپیی بکەن. پاشان بیرم کەوتەوە کە خالۆم مەجید دووکانی فۆتۆکۆپیی هەیە، کە ئەکەوتە کۆڵانیکی تەسکی نێوان شەقامی ئەتڵەس و مەحاکم. خالم بێ ئەوەی چاوی پیا بخشێنێ چەند دانەیەکی کۆپی کردو پارەشی لی وەرنەگرتین. من کۆپییەکم لی هەڵگرت (لێرە بڵاوی ئەکەمەوە)و تەرجەمەی کوردیم کردو لە

پاشکۆی عێراق کە ئەوسا عەبدوڵلا عەباس سەرنووسەری بوو بڵاو کرایەوە. نوسخەیەکیشمان دایە ڕەعد موتەشەر کە زوو زوو سەردانی بەغدای ئەکرد، ئەویش دابوویە گۆڤاری ئەقلام و لە مانگی ئابی **1994**دا بڵاو بووەوە.



**جەلیل قەیسی، ئازاد ئەحمەد، جان دەمۆ، کەرکوک** 1994/6/1 **وێنەگر**: **شەمسەدین کاکەیی**

**-2-**

ئەم بابەتەی خوارەوەم یەکەم جار لە مایسی 2004دا بە عەرەبی نووسی بە ناونیشانی (أيام جارحة 1993-1994.. جان دمو في كركوك) و لە حوزێرانی هەمان ساڵدا لە ژمارە 28ی گۆڤاری (الأديب المعاصر)ی بەغدادی دا بڵاو کرایەوە، هەروەها لە کتێبی (شاعران من كركوك – سرگون بولص وجان دمو)یشدا بڵاو بۆتەوە، لە ئامادە کردنی (نوری بطرس)، هەولێر 2011. بەرپرسی لاپەڕەی فەرهەنگی ڕۆژنامەی "ئاسۆ"ش وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی و لە ژمارە 10ی ڕۆژی 2004/6/14دا لەو ڕۆژنامەیە بڵاو کرایەوە. من لێرە بە هەندێ دەسکارییەوە بڵاوی ئەکەمەوە؛

## جان دەمۆ لە کەرکوک 1993 - 1994

ساڵی 1993 جان دەمۆ، پاش دوورکەوتنەوەی بۆ ماوەی بیست ساڵ، گەڕایەوە کەرکوک. کۆمەڵە شیعری شیتاڵ "اسمال" تازە چاپ کرابوو، منیش چەند شیعرێکم لێ تەرجەمە کردبوونە کوردی و بڵاوم کردبوونەوە. هاوڕێیەکم پێی وتم جان ئەیەوێ بتبینێ و سوپاست بکات. بەلامەوە سەیر بوو، چونکە ئەزانم جان سوپاسی کەس ناکات. بۆچوونەکەم ڕاست دەرچووو؛ هەر کە چاوم پێ کەوت بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای کردم بێ ئەوەی وشەیەکی لە زار بێتە دەر. بەڵکو تەماشا کردنەکەی درێژەی کێشا، پێ ئەچوو بیەوێ من سوپاسی شیعرەکانی بکەم!

جان بە ویست و ئارەزووی خۆی نەگەڕایەوە کەرکوک، بەڵکو کەسوکارەکەی بە تۆبزی هێنایانەوە. جان لەوانە نەبوو سۆزی بۆ زێدو نیشتمان بجووڵێت، هەستی نۆستالجی لای ئەو ونە. ئەو لە شاری شیعردا ئەژیاو سۆزیشی تەنیا بۆ شاری شیعرە. هەندێ جار وای بۆ ئەچم کە ئەم پیاوە لەو پەڕی ئایندەوە هاتۆتە ئەم زەمەنەی ئێمەوە، هیچ شتێك لای جان ناگاتە ئاستی پیرۆزی و هیچ شتێك شایستەی قوربانیدان نییە؛ نە نیشتمان، نە نەتەوە، نە ئاین، نە زمان... دواجار جان خۆی هاویشتە ناو ژینی بۆهیمییەت و ئەلکەهۆلەوەو شێوە ژیانێکی گرتەبەر پتر لە قەسیدە ئەچوو. لێرەوە هەموو ژیانی بۆ شیعر تەرخان کرد، خۆی بە هیچ وەزیفەیەکی حکومییەوە نەبەستەوەو، وەکو سەرگۆن پۆڵسی هاوڕێی، لە سەربازی هەڵئەهات. بەڵام جان لە شاعیرە هاوچەرخەکانی خۆی پتر لە دنیای شیعردا ئەژیاو، کەمتر ئەینووسی، لە نووسیندا تەمەڵ بوو.

بوونی جان لە کەرکوک لەو ڕۆژانەدا بۆ ئێمە دەرفەتێك بوو تا لە نزیکەوە ئەو نووسەرانە بناسین کە تەنیا بەرهەمەکانیانمان ئەخوێندەوە. کۆبوونەوەمان لەدەوری جان بوو بە مایەی ئاکتیڤ بوونی بزاوتی ڕۆشنبیری لە کەرکوك، گەرچی ڕژێمی بەعس جۆرێك لە گەمارۆی ڕۆشنبیریی بەسەر ئەو شارەدا سەپاندبوو. تەنانەت ڕێگەیان نەدا لقی یەکێتیی نووسەرانی عێراق لە کەرکوکدا بکرێتەوە لە ترسی ئەوەی نەك نووسەرانی غەیرە عەرەب لە هەڵبژاردنەکاندا ببەنەوە، بەتایبەتی نووسەرە تورکمانەکان کە لەو ساڵانەدا زۆرینەیان پێك ئەهێنا بەهۆی کۆچ و تەرحیل کردنی زۆربەی ئەدیب و نووسەرە کوردەکان بۆ شارەکانی هەرێم و دەرەوەی وڵات.

لەبەر ئەوە، تەنیا ڕێگەی بڵاو کردنەوەمان بەدەستەوە مابوو و بۆمان نەبوو کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی ساز بکەین. تەنانەت ئەو کۆڕە شیعرییەی لە 30ی ئابی 1996دا سازمان داو شاعیران؛ ڕەعەد موتەشەڕو قاسم ئاق بایراق و من و... بەشداریمان تیا کردو چیرۆکنووس عەبدولسەتار جومەیلی کۆڕەکەی بەڕێوە برد، لەلایەن نیقابەی هونەرمەندانی کەرکووکەوە ئەنجام درا، هەروا بەبێدەنگی چوو بێ ئەوەی میدیاکان تیشکی بخەنە سەر.

بوونی جان دەمۆ لە کەرکوك خۆشیی خستە دڵمانەوە، تەقریبەن هەموو ڕۆژێك یەکمان ئەبینی. زۆر جار لە چایخانەی مەجیدییە یان چایخانەی دیدا دائەنیشتین، یان لەتەك کتێبخانەکەی "دایی ئەمین"دا ئەوەستاین، یاخود لەتەك ئەو ئەدیبانەی لەسەر شۆستەی شەقامی جمهوری دا کتێبیان ئەفرۆشت، وەك چیرۆکنووسی کۆچکردوو ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و، شاعیری تورکمان سەلاح بەهلوول. لەو شوێنانەدا لەگەڵ شاعیران ڕەعدو قاسم و حەمزە حەمامچی و عەبدولعەزیم فینجان کۆ ئەبووینەوەو گفتوگۆی ئەدەبیمان ئەکرد، هەروەها مەجید گەرمیانی، کە گرنگیی بە ئەدەبی عەرەبی و "گرووپی کەرکوك" ئەداو هەر ئەویش کۆمەڵە شیعری "اسمال"ی لە بەغداوە هێناو بەسەر کتێبخانەکانی کەرکوکدا دابەشی کردن. مەجید گەرمیانی یارمەتیی ئەدیبە عەرەبەکانی بەغداو خوارووی عێراق ئەدا لە دۆزەخی بەعس هەڵبێن بەرەو کوردستان و لەوێوە بۆ ئەورووپا، وەکو باسم مرعەبی و محەمەد مەزلووم.

جارێکیان لە چایخانەیەکی بەرامبەر سینەما عەلەمین دەوری جان دەمۆمان دابوو، شەمسەدین کاکەیی فۆتۆگرافەر بە شێوەی جیا جیا وێنەی ئەگرت بێ ئەوەی جان ئاگای لە دەوروبەر بێ، لەگەڵ دووکەڵی جگەرەکەیدا ڕۆ چووبووە ناو دنیا تایبەتییەکەی خۆی. ئەم ڕەفتارەی ئێمە بووە جێی سەرسوڕمانی دانیشتووانی چایخانەکە " ئەبێ ئەم پیاوە کێ بێ ئەوەندە گرنگیی پێ ئەدرێ؟" جانیش بە لەشی لاوازو سەروسیمای نابووتەوە هەر لە سواڵکەر ئەچوو.

گەرچی جان بەوە ناسرابوو کە شتی بیر ئەچێ و زاکیرەی لاوازە، بەڵام یادەوەریی ڕۆژانی زووی لەگەڵ ئەدیبانی گرووپی کەرکوك بە ڕوونی بۆ ئەگێڕامەوە؛ باسی ساڵانی شەستەکانی ئەکرد کە لەگەڵ جەلیل قەیسی دا شەو تا بەیان خەریکی خوێندنەوەو گفتوگۆی ئەدەبی بوون. هەروەها بە شێوەیەکی تەنزئامێز باسی

سەرگۆن پۆڵس و خاچیك گرابێت ئایدنجیانی ئەكرد. باسی كەركوكی ساڵانی شەست و خانووەكەی خۆیانی بۆ ئەكردم لە سێكند كلاسی گەڕەكی عەرەفەی مەسیحی نشین كە خۆشترین گەڕەكی كەركوك بوو. هەروەها باسی كتێبخانەی "یۆجین"ی بۆ ئەكردم كە ئەكەوتە تەنیشت سینەما عەلەمین كە ئێمە فریای نەكەوتین، و كتێبی ئینگلیزیی ئەفرۆشت و ڕۆڵێكی گەورەی هەبوو لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیی گرووپی كەركوك و پەرەسەندنی شیعرییان.

جارێكیان بانگهێشتی ماڵەوەم كرد، شەو من و جان و نەوزادی برام بەو هاوینە گەرمە، لە ترسی باوكم كە حەزی نەئەكرد لەماڵەوە بخۆینەوە، لە ژوورێكی گەرمدا عارەقمان ئەخواردەوە، لەپڕ باوكم خۆی بە ژووردا كرد، جان پێكە عەرەقەكەی بۆ درێژ كردو بە دەنگێكی كەرخ وتی: "حجي، تعال اخذلك پيك" حاجی وەرە پێكێك هەڵدە! باوكم لە تووڕەییدا شین و مۆر بووەوە بەڵام هیچ وشەیەكی لە زار نەهاتە دەرو چووە دەرەوە. كە ئاشكرا بووین چووینە ناو باخچەی ماڵەكەمانەوە لەوێ درێژەمان بە خواردنەوەو گفتوگۆ دا. ئەو شەوە جان زۆر چەنەبازیی كردو بەو پشیلانەوە گرتبووی كە لە باخچەی ماڵەكەماندا جرت و فرتیان بوو. ئەیووت گەمارۆی ئابووری كاری لەم پشیلە داماوانەش كردووە بڕوانن چەند لاواز بوونە. پاشان دەستی كرد بە جنێو ناردن بۆ سەدام، بە ڕادەیەك دەنگی بەرز ئەكردەوە دراوسێكان، كە لە سەربان ئەنووستن و تێكەڵ بوون لە هەموو نەتەوەكان، گوێیان لە جنێوەكانی جان بوو، بۆ ڕۆژی دوایی گلەییان لێ كردن بەڵام بە سەلامەتی تێپەڕی. بۆ بەیانی جان پێش ئەوەی بەرچایی بكات پاشماوەی بوتڵە عارەقەكەی هەڵقوڕاند.

جان هەندێ بۆچوونی دروستی لەسەر شیعری كوردی هەبوو، بەتایبەتی شیعری شێركۆ بێكەس پاش ئەوەی "مرايا صغيرة"كەی خوێندبۆوەو پێی سەرسام بوبوو. من هەندێ لە شیعرە عەرەبییەكانی بەختیار عەلیم بۆ خوێندەوە كە تا ئەو كاتە بڵاو نەكرابوونەوە، لەوانە شیعری "عشيقة الجنرال"، جان بە سەرسامییەوە گوێی ئەگرت، ئیدی پاش ئەوە هەرجەند یەكمان ئەبینی ئەیووت دۆستەكەی جەنەراڵم بۆ بخوێنەرەوە، ناوی شاعیرەكەی بیر ئەچووەوە.

جارێکیان ناسنامەی ئەحوال مەدەنییەکەی پیشان دام کە لای کەسوکاری پاریزرا بوو، بۆ یەکەمین جار ناوە ڕاستەقینەکەیم زانی "یۆخەننا دەمۆ یوسف"، نەك دەنخا هەروەك باو بوو. پێم وت:

-کەواتە ناوت یۆخەننایە نەك جان

-یۆخەننا، جان، نفس الشی (هەمان شتە)

دواتر جەلیل قەیسی کە ئینگلیزییەکی باشی ئەزانی بۆی ڕوون کردمەوە کە یۆخەننا یان یۆحەننا، بە ئینگلیزی پێی ئەوترێ جان، یان جۆن... کەواتە ئەو ناوی خۆی لە یۆخەنناوە گۆڕیوە بۆ جان بۆ ئەوەی شیعرییەتێك بە ناوەکەی ببەخشێ، بۆیە ناوەکەی پێش شیعرەکانی ئەکەوێ. جارێکیان بە کەسوکارەکەم وت جان دەمۆ ئەهێنمەوە، یەکێك لە خوشکەکانم وایزانی جۆرە شیرینییەکەو ئەو نەیبیستووە!

ئەو شەوەی جان بۆ دواجار کەرکوکی بەجێ هێشت، تەنیا من لە ماڵئاوایی کردنیدا ئامادە بووم، بوتڵێ عەرەقم بۆ کڕی و تەکسییەکم بۆ ڕاگرت بۆ گەراجی بەغدا، جان بەرلەوەی سواری تەکسی بێ و وەك ئەوەی بیەوێ پاداشتی چاکەم بداتەوە، وتی: "ئەگەر هاتی بۆ بەغدا لە یەکێ لەو بارانەدا ئەمبینی کە لە -اسمال-دا ناویان هاتووە"!. من ئەمزانی جاریکی دی نایبینمەوە. کاتێ (سەمۆئیل شەمعون)ی ڕۆماننووس هەواڵی مەرگی جان دەمۆی لە ماڵپەرەکەی خۆیدا (kikah)دا بڵاو کردەوە، بەلامەوە سەیر نەبوو، مەرگی ئەو لەهەر شوێن و لەهەر ئانوساتێکدا چاوەڕوانکراو بوو.

جان! ئەشێ مەرگی تۆ ونبوونی زاکیرە بێ، بەڵام ڕۆژێك ئەگەڕێیتەوەو مەلەکووتە شیعرییەکەت لەگەڵ خۆتدا ئەهێنی. ئەگەڕێیتەوە کەرکوك و لەتەك ئەو پەیکەرانەدا ئەوەستی کە گۆڕەپان و شەقامەکانی کەرکوکی پی ئەڕازێنینەوە، ئەو پەیکەرانەی بۆ تۆو گرووپە مەزنەکەت دروستیان ئەکەین، گرووپی کەرکوك؛ جەلیل قەیسی، فازڵ عەزاوی، سەرگۆن پۆڵس، موئەیەد ڕاوی، ئەنوەر غەسانی، جان دەمۆ، سەڵاح فایق، قەشە یوسف سەعید، زوهدی داوودی، قەحتان هورمزی، یوسف حەیدەری، محێدین زەنگنە..

بەریتانیا – مایسی 2004

**هەندێ لەو شیعرانەی جان دەمۆ کە لە نیوەی یەکەمی ساڵانی نەوەت وەرمگێڕان بۆ کوردی و لە هەفتەنامەی "پاشکۆی عێراق"دا بڵاو بوونەوە؛**

## دوو شیعر

**1**

چیدی پێویستیمان بە هیرۆگلیفیات نییە
ئەوە کاری ئەو تزارانەیە؛
کە لە دەوروبەرماندا، وەکو پەتا، تەشەنەیان کردووە
بەڵام ئەو شوێنە دوورانەی فەیلەقییە گەمژەکان ماگنێتیان کردووە
باشتر وایە پشتگوێ بخرێن، یان پێشکەشی شاعیرێکی ئاسایی بکرێن
کەلاوەکان هی ئێمەیە، ئەوە گرنگە
هەرچی بەهەشتە دەستکردەکانە، با جەردەو چەپەڵەکان پێی شاد بن
پەڕینەوەی عەدەم یا بوون ڕووداوێکی ئەوتۆ نییە
بەڵام ئەوەی ترسناکە، گەیشتنە بە من
گەیشتنە بەو کانیاوانەی شەیتان جێی هێشتوون.

لەبری پیری، بەرەو خوار تاکو سەرەتا
دووچاری سەرەتای بێ کۆتایی بووین
بێ کۆتاییە، میکرۆبی ئازار
بی کۆتاییە، سرووتی سپێتی
بێ کۆتاییە، ئەو مەرگەساتانەی شێتگیریی کوێرانەتان دایهێناون.
تەنیا ئەوەی ئێمە دایئەهێنین، بی کۆتایی نییە
ئەوەشی ئێمە دایئەهێنین، بێهوودەیە
ئاوا لە دێرزەمانەوە ڕازمان بۆ دێ
ئێستا من لەگەڵ سێوێکدام
هێندەم بەسە.

1993/12/1 کەرکوك

**2**

بلێی ڕۆژێ

گەمەکارە نهێنییەکەی

ئەو گەمە گەندەڵەی؛

مردن – ژیانمان بۆ دەرکەوێ؟

1993/12/17 کەرکوك

- مجلة الأقلام – العدد 6 – 1994/8/7

..................

ئایا مەرگ ونبوونی زاکیرەیە؟

یاخود ڕیزێ پەلەوەڕی بەترپیقە

لە ژێر خۆرێکی وەنەوشەییدا

چاوەڕوانی ڕزگارکەرێکە؟

سەرکێشیی بە وەڵام ناکەین

لەبەر ئەوەی وەڵام نییە

..................

چی بۆ منداڵەکانمان جێ ئەهێڵین؟

لە چەرخی ئایندەدا چییان بۆ جێ ئەهێڵین؟

ژەهری گەرمیان بۆ جی ئەهێڵین؟

مردنێکی ئامادەیان بۆ جێ ئەهێڵین؟

تەرمیان بۆ جێ ئەهێڵین؟

باڕی خەرمان/بەغدا 30ی نیسانی 1992

کۆمەڵە شیعری شیتاڵ "اسمال" 1993

## ئاه، ئەم کەشتییانە بۆ؟

لە سێبەردا، تەنها پایتەختی ئەبەدییەت هەیە

هەور کاتێ لەنێو دەریاچەدا ڕەنگ ئەداتەوە

تویێك هەڵئەداو دەست بە ئاخاوتن ئەکات

ئایا تەنها بە خۆڵەمێش دڵ ڕۆشن ئەبێ؟

ئایا مەزراکان قەڵابەندن؟

چی جیام ئەکاتەوە، چی لە پاشەڕۆژم جیا ئەکاتەوە

قەنارەی نووستن و سست بوونەوە نەبێ؟

لەنێو زەلکاوێکی لەیاد بەرینترو چڕتردا

سێبەری گزنگ ئەلەرێتەوە

لەنێوان شەوو شەودا

ئێستام ئەمرێ

ئاه، ئەم کەشتییانە بۆ؟

- مجلة "الكلمة" – العدد الأول – السنة الثالثة – تشرين الأول 1970